# ڕووناکی مانگ

## نووسینی  هێربێرت جۆرج وێلس


## پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر


ڕووناکی مانگ  کوورتە چیرۆکێکی ئینگلیزیە، هێربێرت جۆرج وێلس نووسیویەتی. لەبەرواری 1909/4/10 بلاّو کراوەتەوە. دوای ماوەیەك، نووسەر ناونیشانی چیرۆکەکەی گۆڕی و کردی بە " جلی جوان".  نوسەر هاوولاّتی بەریتانی بووە، پسپۆڕەیەتی لە بواری بایۆلۆجی دا هەبووە و چیرۆك نووس بووە. نوسەر لە 1866/9/21 لە لندن لە دایك بووە و لە 1946/8/13 هەر لە لندن کۆچی دوایی کردوە.

هەبوو نەبوو، پیاوێکی بچووك هەبوو، دایکی دەستێك جلی جوانی بۆ درووو. ڕەنگی سەوز و ئالْتوونی، ئەوەندە جوان دروابوو، نازانم چۆن باسی جوانیەکەی بکەم. بۆیمباخێکی پرتەقالّی بە یەخەی چاکەتەکەوە درووو بوو. قۆپچەکانی لە بەر تازەییان وەکوو ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە. شانازی و دلْخۆشی پیاوە بچووکەکە بەم جلە تازەیەی لە ڕادە بەدەر بوو، باسی لێوە نەدەکرا، یەکەمجار لە بەری کرد، بەرامبەر ئاوێنەیەکی درێژ ڕاوەستا، ئەوەندە دلْخۆش بوو، لە جوانی جلەکەی سەری سووڕمابوو، نەی دەتوانی ئاوێنەکە بەجێ بهێلّێ.

ئارەزووی لەبەرکردنی جلەکەی بوو، بۆ هەموو شوێنێك، نیشانی هەموو جۆرە کەسانێکی بدات. بیری لە هەموو ئەو شوێنانە دەکردەوە، کە پێشتر دیتبووی. بیری لە هەستەکانی دەکردەوە تایبەت بەو شوێنانەی لە ڕابووردوو دیتبووی، لە خەیالّی دا، هەولّی دەدا، یادەوەرییەکانی ئەو شوێنانە بهێنێتەوە پێش چاوی، هەر ئێستا جلە درەوشاوەکەی لەبەر بکات، دەیویست بچێت بۆ ناو گژو گیا درێژەکان، بۆ ناو سەوزاییە درەوشاوەکان، جلەکەی لەبەر بکات. جلەکانی لەبەر بکاو هیچی تر نا! بەلاّم دایکی گووتی" نەخێر" گووتی کوڕم " پێویستە زۆر ئاگاداری جلەکەت بیت" لە ژیانت دا، جارێکی تر ، جلی وا جوان نابینیت، پێویستە ئاگاداری بی، بیپارێزی، تەنها لە کاتی گرنگ و بۆنە مەزنەکان ، لەبەری بکەیت. دایکی گووتی" جلی هاوسەرگیریتە". دایکی قۆپچەکانی بە دەستەسڕی کاغەز داپۆشیبوون، بۆ ئەوەی پیس نەبن، درەوشانەوەیان لە دەست نەدەن. بە داپۆش ، جلەکەی داپۆشی، قۆلّەکانی خرکردەوە، بە شێوەیەك، جلەکە هیچ ئازاری پێ نەگا.

پیاوە بچووکەکە، ڕقی لەم شتانە بوو، بەرگری دەکرد، بەلاّم بێ دەسەلاّت بوو، چی بکات؟ دایکەکە کاری لە پیاوە بچووکەکە کرد، بەناچاری ڕازی بوو، جلەکەی دابنێ و بیپێچێتەوە، هەلّی بگرێ. بەردەوام بیری لەبەرکردنی

جلەکەی لە مێشکی دا بوو، ئەو بۆنە مەزنە کەی دێت، جلەکەی لەبەر بکات، دەستەسڕە کاغەزەکان بە دڵخۆشی لەسەر قۆپچەکان لابدات، گوێ بە هیچ نەدات، خۆشیەك باسی لێوە ناکرێ.

شەوێك لە شەوان، خەوی بە جلەکەیەوە دیت، لە خەویدا، کاغەزی سەر قۆپچەیەکی لادا، تەماشای کرد، قۆپچەکە درەوشانەوەکەی لاواز ببوو. ئەمەش لەخەویدا، دڵی ناخۆش کرد. قۆپچەکەی دەسڕیەوە، بەردەوام دەی سڕیەوە، بۆ ئەوەی درەوشانەوەکەی لە دەست نەدا. لە خەو هەڵسا، بە پاڵکەوتوویی لەسەر جێگاکەی، بیری لە کەمبوونەوەی درەوشانەوەی قۆپچەکە دەکردەوە، ئەگەر ئەو بۆنە مەزنە بێت، هەستی چۆن دەبێ، قۆپچەیەك، درەوشانەوەی کەم بووەتەوە.

بۆ چەند ڕۆژێك، ئەم هەستە، لەناخیدا، دەهات و دەچوو، پەژارەی کرد بوو. باشە ئەگەر دایکی ڕێ ی پێبدات، جلەکەی لەبەر بکات، کاغەزی سەر قۆپچەکان لابدات، دەبێ درەوشانەوەیان لەدەست دابێ؟ یان بەردەوام دەدرەوشێنەوە.

زۆر بە جوانی ڕۆیشت بۆ کڵێسا، مێشکی پڕ بوو لە خەیاڵی نامۆ. پێویستە بزانێ، دایکی، بەردەوام، وریای دەکردەوە، ڕۆژی یەکشەممان بۆنەیە، لەکاتی چوون و هاتنەوە لە کڵێسا دەتوانێ جلەکەی لەبەر بکات، بەمەرجێك باران نەبێ، تۆزو خۆڵ نەبێ، جلەکەی ئازار بدات. قۆپچەکان داپۆشراو بن، بیان پارێزێ، ئەگەر تیشکی خۆر بەتین بوو، دەبێ بە دەستەکانی سێبەر لە سەرقۆپچەکان بکات، بۆ ئەوەی تیشکی خۆر، کاریگەری لەسەر ڕەنگی قۆپچەکان نەبێت. وە هەموو جارێك ، هەروەکوو دایکی فێری کردبوو، دەبوو جلەکەی جوان کۆبکاتەوە و داپۆشێ و هەڵی بگرێتەوە.

ئێستا، پیاوە بچووکەکە، مل کەچی هەموو مەرجەکانی دایکی بوو، مل کەچ بوو، تاوەکو شەوێك، لە پەنجەرەی ژوورەکەی ڕووناکی مانگی دیت، دەدرەوشایەوە. وا پێدەچوو، ڕووناکی مانگی ئەو شەوە، جیاواز بوو لە ڕووناکی مانگی شەوانی پێشوو، ئەو شەوەش، وەکوو شەوانی پێشوو نیە، بە خەواڵووەوە، بۆ ماوەیەك، لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوت، ڕەزامەندییەکانی لە مێشکی دەهاتن و دەچوون. بیرەوەریەکانی تێکەڵاو بوو بوون بە بیرەوەرییەکانی شتەکانی دەروروپشتی ناو سێبەرەکان، چرپەیان دەکرد.

لەناکاو، لەناو جێگا بچووکەکەی هەڵسا، ترسێکی زۆر، دڵی زۆر خێرا لێ ی دەدا، بروسکەیەك بە جەستەی دا، لە سەریەوە تاوەکوو پێ یەکانی ڕۆیشت، بریاری دا ، زانی ئێستا دەبێ جلەکەی لەر بکات، بەو شێوەیەی کە پێویستە لەبەری بکات، هیچ گوومانی نەبوو، دەترسا، تۆقیبوو، بەلاَم دڵخۆش بوو، دڵخۆش.

لە جێگاکەی هاتە دەرەوە، بوساتێك، لە نزیك پەنجەرەکە وەستا، تەماشای مانگە شەوی دەکرد، باغەکەی پڕکردبوو لە ڕووناکی، هەڵ دەلەرزی لەوشتانەی دەبوو بیکات. هەوا پڕ بوو لە بێزاری، دەنگە دەنگی بێزاری، زیزەی زیندەوەرە بچووکەکان، مێشوولەکان. زۆر بە هێمنی، بەرەو جلە جوانەکەی کە بە پەڕۆی تاریك، داپۆشرابوو، ڕۆیشت، دەترسا کەسانی ناوماڵ لەخەو هەڵ بستن. پارچە پارچە جلەکەی دەرهێنا، یەك لەدوای یەك، کاغەزی سەر قۆپچەکانی لادا، ئەوەتا جوانن، هەروەکوو جاری یەکەمن، کە دایکی دابوویەی.

قۆپچەکان کاڵ نەبوو بوونەوە، داوەکانی جلەکەی هەروەکوو خۆی بوون. زۆر دڵخۆش بوو، گریا، زۆر بە بێ دەنگی، جلەکەی لەبەر کرد، گەڕایەوە دواوە، بۆ ساتێك لەلای پەنجەرەکە وەستا، تەماشای باغەکەی کرد، لەبەر ڕووناکی مانگ، دەدرەوشایەوە، قۆپچەکان وەکوو ئەستێرەکان دەبریقانەوە، پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە، هەندێك وەستا، خشە خشێکی کەمی کرد، لە خوارەوە چووە سەر ڕێگای باغەکە. بەرامبەر ماڵی دایکی وەستا، سپی و ئاسای، بە ڕۆژ چۆن دەبینرا، هەمان شێوەی هەبوو. پەردەی هەموو پەنجەرەکان دادرا بوونەوە، پەردەی ژووۆەکەی ، هەروەکوو چاو لەکاتی خەوتن دا، داخرابوو. دارەکان، هەروەکوو پەردەی دیوارەکان، سێبەریان کردبوو.

باغەکە لە ژێر ڕووناکی مانگ، زۆر جیاوازتر بوو لەوەی بە ڕۆژ دەبینرا. تیشکی مانگ، هەروەکوو داوی جاڵ جاڵۆکە، بەهەموو لایەك دا بلاّو بوو بووەوە، هەموو گوڵەکان، بە ڕەنگی سپی و سووری تاریك، دەدرەوشانەوە، هەوا پڕ بوو لە خشەو زیزەی مێشوولەکان، گوڵەکان بە قوولاّیی دارەکان، گۆرانیان دەگووت.

لە جیهان تاریکی نیە، ئەوەی دەی بینین، گەرمی و سێبەری نهێنیەکانە. هەموو گەلاّو خونچەکان ڕازابوونەوە، وەکوو دڵۆپە شەونمی گەوهەردار. ئەو شەوە لە هەموو شەوانی پێشوو تر گەرمتر بوو، ئاسمانەکان، بە هەندێك پەرجوو، گەورەترو نزیکتر دیار بوون. هەچەندە مانگە شەو بوو، ئاسمان پڕ ئەستێرە بوو.

لەگەڵ ئەو هەموو دڵخۆشیە، پیاوە بچووکەکە هیچ گۆرانیەکی نەدەگووت، هاواریشی نەدەکرد. بۆ ماوەیەك، وەکوو یەکێکی ترساوی سەر لێ شێواو ، گریانێکی نامۆ، قۆڵەکانی بەرز کردەوە و ڕای کرد، هەروەکوو ئەوە وابوو، هەموو جیهان گەرم ببێ.

بەرێگا جوان و خۆشەکەی باغەکە دا نەڕۆیشت. بەناو دڕکەکاندا، بەناو گیای درێژ و تەڕی بۆنداردا ، بەناو خێوی گوڵی تۆڵکەکاندا، کەبە شەو کۆکرابوونەوە، بەناو گژو گیای دارستانی باشوور و وەنەوشەکان، بەناو مینونیتی قووڵ تاوەکوو ئەژنۆ دا بە توندی تێپەڕی.

تووشی شووره‌یه‌ك بوو، هه‌رچه‌نده دڕكی چیلكه‌كان، چوونه ناو جه‌سته‌ی و داوه‌كانی جله‌كه‌ی پساند، هه‌رچه‌نده، خواردن و گیای قازه‌كان به جله‌كه‌یه‌وه نووسان، هیچ گوێ ی پێ نه‌دا. هیچ گوێ ی پێ نه‌دا، چونكه ده‌یزانی، ئه‌وه به‌شێكه له له‌به‌ركردنی جله‌كه‌ی، كه‌ماوه‌یه‌كی زۆره، چاوه‌ڕێ ی ده‌كرد. گووتی" من زۆر دڵخۆشم، جله‌كه‌م له‌به‌ر كردوه"،" زۆر دڵخۆشم، جله‌كه‌م له‌به‌ره".

له دوای شووره‌كه، گۆمێكی مراویان هه‌بوو، گۆم بوو، به ڕۆژ مراویه‌كان تێ ی دا كۆ ده‌بوونه‌وه، به شه‌و ، گۆماوێك بوو، به ڕووناكی مانگ، دره‌وشانه‌وی زیوی ده‌به‌خشی، بۆقه‌كان تێ ی دا كۆ ده‌بوونه‌وه، گۆرانیان ده‌گووت.

پیاوه بچووكه‌كه ڕای كرده خواره‌وه، بۆ ناو گۆمه‌كه، ئاو تاوه‌كوو ئه‌ژنۆی هات، تاوه‌كو پشتێنی هات، نه‌وه‌لاً، تاوه‌كوو شانی هات. له ئاوه‌كه‌ی ده‌دا، به هه‌ردوو ده‌ستی شه‌پۆله دره‌وشاوه‌كانی لا ده‌دا، شه‌پۆله‌كان ده‌له‌رینه‌وه، پیاوه بچووكه‌كه، به‌م لاو ئه‌و لادا ده‌كه‌وت.

له‌ناو شه‌پۆله‌كان، ئه‌ستێره‌كان، ڕووناكیان ده‌دایه‌وه، ده‌دره‌وشانه‌وه، داره‌كانی كه‌ناری گۆمه‌كه، زۆر به ئه‌سته‌می، به مه‌له‌وانی، گۆمه‌كه‌ی بڕی و گه‌یشته لاكه‌ی تری گۆمه‌كه. به‌ناوی دا تێپه‌ڕ بوو، به پاشماوه و پیسایی مراوی نه‌ده‌چوو، درێژی زیوی به‌له‌شیه‌وه نووسابوو، به ناو گیای نه‌درواوه‌ی چوونه ناویه‌ك له كه‌ناری گۆمه‌كه تێ په‌ڕی، نه‌ده‌زانرا چی له ژێردایه.

زۆر دڵخۆش بوو، هه‌ناسه‌ی نه‌مابوو، گه‌یشته ڕێگای سه‌ره‌كی. گووتی " دڵخۆشم"،" دڵخۆشیه‌ك، جله‌كه‌م له‌به‌ره، گوونجاوه بۆ ئه‌م بۆنه‌یه".ڕێگا سه‌ره‌كیه‌كه، ڕێگایه‌كی ڕاست، له ژێر ڕووناكی مانگ و ئاسمانی شین، درێژ بوو بووه وه. ڕێگایه‌كی سپی، له نێوان گۆرانی گوڵه‌كان. ڕای ده‌كرد و بازی ده‌دا. به دڵخۆشیه‌وه ده‌ڕۆیشت، جله‌كه‌ی كه دایكی به ده‌ستی ماندوو نه‌بوونی بۆی دروو بوو له‌به‌ر كردبوو، ڕێگایه‌كه خۆڵاوی بوو، به‌لاّم ئه‌م خۆڵه له لای پیاوه بچووكه‌كه، سپی و نه‌رمه. مێشووله‌كان ده‌وره‌یان دابوو، به جل و به‌رگه ته‌ڕه‌كه‌یدا ده‌دره‌وشانه‌وه، له‌سه‌ره‌تادا، گرنگی به مێشووله‌كان نه‌دا، به‌لاّم دوایی ده‌ستی كرد به ده‌ست ڕاوه‌شاندن و هه‌ڵ به‌زه،" مێشووله‌ی نه‌رم"، گریا، " مێشووله‌ی ئازیز!".

شه‌وێكی خۆش، شه‌وێكی خۆش، له‌م جیهانه‌دا! هه‌ست ده‌كه‌م جله‌كانم جوانه، مێشووله‌ی ئازیز؟ هه‌روه‌كوو باڵه‌كانت، هه‌روه‌كوو ئه‌و په‌رده‌یه‌ی زه‌وی و ئاسمانیان پۆشیووه؟ میشووله‌كه ، ورده ورده ، به‌ده‌وری پیاوه‌كه‌دا ده‌سووڕایه‌وه، لێ ی نزیك ده‌بووه وه تاوه‌كوو باڵه نه‌رمه‌كانی به‌ر لێوی كه‌وتن.....

بەیانی ڕۆژی دوایی، پیاوە بچووکەکەیان دۆزیەوە، مردبوو، ملی شکابوو ، لە ناو قۆڵتێکی بەرداوی، جلە جوانەکانی ، خوێناوی و بە پاشماوەی مراوییەکانی ناو گۆمەکە پیس بوو بوو. لە دەم و چاویدا، بەختەوەرییەك بەدی دەکرا، هەستت دەکرد ئەو پیاوە ، لەکاتی مردنی دا، چەند دڵخۆش بووە، ساردی و هەڵقولاّوی پاشماوەی مراوییەکانی ناو گۆمەکە.